میرنشینی ئەرتەقی لە دیاربەکر ١١٠٢ - ١٤٠٩ ی زایین

رۆشنبیری نوێ
وەری گێڕاوە

ناوچەی جزیرەی فورات[1] بەپێی ئەو شوێنەی کە هەیبوەو هەیەتیو کە وای لێ کردوە لە شەڕو ئاشتیدا ناوچەی پەیوەندیکردنو کارتێکردن بێ لەنێوان جیهانی ئیسلامیو گەلانی تردا ، ئەم ناوچەیە مەیدانێکی بەپیتو پیزی چەندین لێکۆڵینەوەیە کە ئەو دەورە روون بکەنەوە کە ناوچەکە لە بەرەوپێش چوونی رووداوەکان و پەرەسەندنی شارستانیدا گێراویەتی .

بایەخی ناوچەیە بەهۆی جموجۆڵی تیرەو خێڵە گەورەکانی وەك دەیلەمو غەزو سەلجوقیو خوارزمیو تەتەرەوە لە ناوەراستی ئاسیاوە بەرەو رۆژئاوا رۆژ بەرۆژ لە برەو پتربووندا بووەو ناوچەی جزیرە لەمەوە بووە بە نیشانو ئامانجی هێرشی لەشکری ئەو تیرەو خێڵانەو لە ئەنجامدا گۆڕانی فراوانی سیاسیو شارستانی بەسەر ناوچەکەدا هاتووە . کاتێك جەنگی خاچ پەرستان بەرپابوو ناوچەی جزیرە لەبەر ئەو مەڵبەندە ستراتیجەی هەیبوو کە بەسەر عیراقو شامدا دەیڕوانی ، بوو بە یەکەم نیشانو ئامانجی خاچپەرستانو توانیان کە یەکێك لە میرنشینەکانیان لە ناوچەکەدا دابمەزرێنن و ئنجا جزیرە کەوتە بەردەم ئەرك و ئۆبالی سەرشانی رووبەروو بوونی خاچپەرستەکان .

جگە لەمە ناوچەی جزیرە توانای زۆرو زەبەندەی ئابوریو مەڵبەندێکی نایابی هەبوو بووبوونە مایەی ئەوەی کە لەگەڵ لایەنەکانی دراوسێدا تێکەڵ بێو دەزگا بەڕێوەبەریو سیستەمی حوکمرانیکردنیو دامو دەزگاو چالاکییە کۆمەلایەتیو ئاینیو رۆشنبیرییەکانی گەشەیان کرد .

ئەم باسە لەبارەی ئەرتەقیەوە ، ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەلجوقیدا دەستی پێکردووەو بە لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتی تەیموری لەنگو دەرکەوتنی هەردوو میرنشینی بەرخی سپیو بەرخی رەش لەناوچووە . لە سەردەمی خیلافەتی عەباسیو فاتمیو سەلجوقیو ئەیوبیو خاچپەرستانو مەمالیكو تەتەرو جەلایریو میرنشینە بچوکەکاندا حوکمرانی کردووە .ئەم باسە بە دوورو درێژی باسی زروفی دروستبوونی میرنشینە ئەرتەقییەکان دەکات لەگەڵ کارکردەکانی روخانیانو سروشتی پەیوەندییە دەرەکییەکانیان بە وڵاتو میرنشینەکانی هاوچەرخیان دەستنیشان دەکاتو سیستەمو دەزگاو چالاکییە جۆربەجۆرە شارستانییەکانیان شیدەکاتەوە .

دەرکەوتنی ئەرتەقییەکان لەسەر شانۆی سیاسیو

عەسکەریدا بە سایەی باپیرە گەورەمانەوە (ئەرتەق کوری ئەکسکەوە) بوو کە لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەلجوقیدا دەورێکی ئەوەندە گرنگی گێڕابوو مایەی ئەوەی کە پلەو پایەی سەرکردایێتی دەستبکەوێو بەردی بناخەی قەوارەی سیاسی ئەرتەقییەکان دابنێ. نەوەکانی دوای مردنی باپیرەیان لەو پەری ژووروی جزیرەی فورات لە ناوچەی دیاربەکر یەکەم میرنشینیان دامەزراند، بەڵام دوای مردنی (سقمان بن أرتق)ی دامەزرێنەری، یەکسەر دووچاری پچرپچریو پارچە پارچە بوون بوو. ئنجا قەوارەی سیاسی ئەرتەقییەکان لە سێ میرنشیندا چوزەری کرد یەکێکیان لە ماردینو ئەوی تریان لە قەڵای کیڤاو سێیەمیان لە خرتبرت لەسەر سنووری ژووروی دیاربەکر بەرەو ئەنادۆل.

کاتێك عمادالدين زنكي ساڵی ٥٢١ ی کۆچی لە موسڵ میرنشینەکەی دامەزراندو هەوڵی دا کە بۆ بەرەنگار بوونی خاچپەرستان میرنشینە ئیسلامییەکان یەك بخات بەڵام ئەرتەقییەکان لە ترسی ماڵو موڵکی خۆیان دەستیان کرد بە دوژمنایەتی کردنیو ئەم ناکۆکییەش کە سەردەمی حوکرانی نورالدين محمودی کوری (٥٤١-٥٦٩ی کۆچی) کزبوو. کاتێك صلاح‌الدين ساڵی ٥٦٩ ی کۆچی دەوڵەتی ئەیوبییەی دامەزراند ئەرتەقییەکان لە دژی خاچپەرستان یارمەتی عەسکەریی ئەیوبییەکانیان دا؛ بەڵام دوای مردنی، پەیوەندی نێوان هەردوو لا تێکچوو، ئەمانیش ئەمەیان بە هەل زانیو پەیوەندی نێوان ئەرتەقییەکانیان تێکداو ناکۆکییان خستنە مابەینەوە و بەمە توانیان دوو میرنشینی ئەرتەقی بڕوخێنن کە میرنشینی قەڵای کیڤاو میرنشینی خرتبرت بوو.

کاتێك تەتەرەکان دەرکەوتن، ئەرتەقییەکان دوای شەڕێکی دوورودرێژو بەربەرەکانییەکی سەخت سەریان بۆ شۆڕکردن. بەڵام کە دەوڵەتی تەتەر (ئەیلخانی) لاوازبوو ئەرتەقییەکان پەیوەندییان لەگەڵدا برینو روویان کردە مەمالیکەکان بەڵام دەرکەوتنی تەیموری لەنگو لایەنگیرەکانی لە سەرکردەکانی هەردوو میرنشینی بەرخی سپیو رەش زەبرێکی گورچك بڕی لە ئەرتەقییەکان داو میرنشینی لە ماردین روخاند.

پەیوەندی ئەرتەقییەکان بە خاچپەرستانەوە گرنگترین ئاڵقەی زنجیرەی مێژووی سیاسیو عەسکەرییانە ئەویش بەهۆی کاریگەریو بەپێزی لە قۆناخە جۆربەجۆرەکاندا . . . دوای وردبوونەوەو لێکۆڵینەوەی سەرچاوە جۆربەجۆرەکان بە عەرەبیو رۆژئاواییو کۆنو نوێوە بۆمان دەرکەوت کە ئەم پەیوەندییە پێنج قۆناخی بڕیوە: قۆناخی یەکەم (قۆناخی هاوپەیمانێتی بەستن لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکاندا)ی پێ دەوترێو لەم قۆناخەدا سەرکردەکانی ئەرتەقییەکان هەوڵیاندەدا بچنە نێو ئەو کۆمەڵەو پەیمانە ئیسلامییانەوە کە سەلجوقەکان بۆ بەگژداچوونی خاچپەرستان ڕێکیان دەخستنو سەرپەرشتییان دەکرن. قۆناخی دووەم (قۆناخی هاوپەیمانێتی کردن لەگەڵ خاچپەرستانە) هەندێ سەرکردەی ئەرتەقییەکان وایان لێك دەدایەوە کە بەهۆی زۆرەملێی سەلجوقییەکانو جەوری میرە ناوخۆییەکانەوە ناچاربوون پەنابەرنە بەر داگیرکەران. قۆناخی سێیەم (سەرکردایەتیکردنە)و لەم قۆناخەدا ئەرتەقییەکان دژی خاچپەرستان ڕاپەڕین بزوتنەوەی تێکۆشانو جیهادیان کردو لە زنجیرە شەڕێکدا ئاکامی بە لایەکدا خەرانەیان وەدەست هێنا کە ئەوپەڕی کاریان کردە سەر رەوتی شەڕەکان. قۆناخی چوارەم «گۆشەگیر» بوونە، لەم سەردەمەدا عمادالدين زنكي دەرکەوتو خۆی سەرپەرشتی بەگژداچوونی خاچپەرستانی گرتە ئەستۆ، قۆناخی پێنجەم دەتوانرێ ناوی قۆناخی (یارمەتییەکانی)لێ بنرێ. ئەرتەقییەکان هەوڵیان دا کە یارمەتی نورالدين محمودو ئەیوبییەکان بدەن دژی داگیرکەران، چونکە ئەو کاتە میرنشینە ناوچەییەکان بۆ بەرەنگاریکردنی خاچپەرستەکان جۆرە یەکێتییەکی فیدرالییان لەنێو خۆیاندا دامەزراندبوو.

ئەم یەکێتییەش بەسایەی نوالدين محمودو صلاح الدينەوە بوو کە ئەوپەڕی بەتواناو لێهاتوو بوونو لە پێناوی رووبەڕووبوونەوەی دووژمنی هاوبەشدا زۆر بە ئاسانی داوای یارمەتییان لە میرنشینە ئیسلامییەکان دەکرد.

هەروەها ئەرتەقییەکان لە لایەنی سیاسیو سوپاییەوە لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەم تاوەکو سەرەتای سەدەی نۆیەمی کۆچی دەورێکی گرنگیان گێڕا . . . . شارستانێتی ئەرتەقی ئەوی راست بێ، یەکەیەکی بچوکی پێکەوەگونجاوە لە چوارچێوەی یەکەیەکی شارستانی گەورەتردا کە رەگوریشەی بۆ سەردەمی سەلجوقییەکان دەگەڕێتەوەو لە سەرئەمی مەمالیكدا نەمامەکەی هاتە بەر.

١ - ناونیشانی باسێکە لە مێژووی ئیسلامی عمادالدين خليل پلەی دکتۆرای پێ وەرگرتووەو د.حسین حبشی مامۆستا لە کۆلیجی ئادابی عین شمس سەرپەرشتی کردوە. ئەم پوختەیەش لە گۆڤاری (تأريخ العرب والعالم)ژمارەی-٢٣- ی (ئەیلولی ١٩٨٠)وەرگێراوە.